کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:43 7-12-2007

## شکستی قاعیدە لە عێراق و فەشەلی ستراتیژی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ... سەباح تاهیر

ئەوەی ئەم سەردێرە بخوێنێتەوە تووشی شۆك دەبێت چۆن لەیەك كاتدا شكست بە ڕێكخراوی تیرۆریستی قاعیدە دێت لە عێراق و لەهەمان كاتدا ئەمەریكاش فەشەل دێنێ لە جێبەجێكردنی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ڕاگەیندراو، لەلایەن ئیدارەی كۆماری كۆشكی سپی و سەرەك بۆش.



بەڵێ هەرچەندە ئەم ئەنجامە دژبەیەكن بەڵام ڕاستیەكە دەبێت ناوچەكە مامەڵەی لەتەكدا بكات، دوای سەركەوتنی هێزەكانی مارینز لە ئەفغانستان و دواتر لەعێراق، بێگومان دوای هێرشەكانی سەر هەردوو تاوەری بازرگانی نیویۆرك لەسەبتەمبەری 2001. وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا و هاوپەیمانەكانی بەتایبەتی بەریتانیا لەزاری بەرپرسانی ئەم وڵاتانە بەئاشكرا، ڕاگەیەندرا كەچاو بەسەرجەم سیاسەتە پیادەكراوەكانی چەندساڵەی سەردەمی جەنگی سارد دەخشێننەوە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرۆك وپادشاو ئەمیرەكانی ئەم ناوچەیە كەساڵەهایە لەلایەن ڕۆژئاواوە دەپارێزرێن لەبەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندیەكانیان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كەبەشادەماری ئابووری جیهان دەژمێرێت. بۆیە پسپۆرانی سەربازی وسیاسی و ئابووری هەرلەزوووە پێیانوابوە ئەوەی ناوچەی كەنداوی "عەرەبی، فارسی " بەدەستەوە بێت، كلیلی سەركەوتنی لەگیرفانییدایە.

بەڵام دوای 11 سەبتەمبەری 2001 ئەم هاوكێشەیە لە بەرژەوەندی كەوتە بەر پرس و گومان، كاتێك ئاشكرابوو سەرجەم خۆكوژەكان لەم وڵاتانەدابوون بە حیساب هاوپەیمانن. ئیتر ئەمەریكیەكان ئەم ڕاستیەیان بۆ دەركەوت كە ئەم وڵاتانەی بەناو دۆست نەك بەرژەوەندیەكانی ڕۆژئاوایان پێناپارێزرێ بەڵكو خودی ئەم ڕژێمە سەركوتكەرانە بۆنەتە بەرهەمهێنەری ترۆر و هەڕەشە بۆ سەر ڕۆژئاوا.

ئەمەریكا لە دوای سەركەوتنی سەربازی لە ئەفغانستان و ئامادەكردنی هەلومەرجی جەنگ دژی عێراق، پیادەكردنی ئەم تاك جەمسەرییە لەبڕیار تەنانەت نیگەرانی لای هاوپەیمانە ئەوروپاییەكان دروست كرد وەك فەڕەنسا و ئەلمانیا، لە كاتێكدا فەڕەنسا هەڕەشەی بەكارهێنانی مافی ڤیتۆی دەكرد لە ئەنجومەنی ئاسایش دژ بە بڕیاری جەنگ لە دژی ڕژێمی عێراق، ڕامسفێلد ڕایگەیاند لێرە بەدواوە كارمان بە ئەوروپای پیر نەماوەو نییە، ئیتر ئەوروپای لاو، مەبەستی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوو كەدوای داڕمانی شۆرەوی بەشەوقەوە بە ئاراستەی ئەمەریكا نزیك دەبوونەوە. " تۆنی بلێر " سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای پێشوو لەمیانەی پرێس كۆنفرانسێدا لە وەڵامی پرسیارێك لەمەڕ لەكارلابردنی ڕژێمی بەعس لە عێراق، ووتی كاری ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنها گۆڕینی ڕژێمێك نییە بەتەنها بەڵكو گۆڕینی سیستەمی سیاسی ناوچەكەیە بە گشتی تاوەكو لە گەڵ سیستەمە نوێی جیهانی بگونجێن.

لێدوانە ئاگرییەكانی ڕامسفێلد و هەروەها لێدوانی سەرەك بۆش هێندەی تر وڵاتانی ناوچەو زلهێزەكانی نیگەران كرد، كار گەیشتە ئەوەی لەلایەن بەرپرسانی ئەمەریكی هەڕەشەی مۆنۆپۆلی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەرتی نەوتی عێراقیان کرد تەنها بۆ هاوپەیمانەکانی بەژداربوو لە جەنگی ڕزگاری عێراق، سەبارەت بە وولاتانی تر بە ئیستفزازەوە دەیانووت تەنها دەتوانن بە لێخۆشبوونی قەرزەکانیان دەتوان بەشدار بن لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق.

سەبارەت بە وولاتانی ناوچەکەش جگە لەوەی دوو لە وولاتانی هاوسێی عێراق کە لە بەرەی شەڕ" محور الشر " دانرابوون زۆربەی ئەوانەی تریش لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕان لە سیستەم و مەنهەجدابوون.

هەموو ئەو مەترسیانەی سەر دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لەلایەك بەرژەوەندیەکانی زلهێزانی دونیا لەم ناوچە گرنگە، هاوپەیمانیەکی لادروستکردن بۆ پارێزگاری لە کورسی و ڕژیمەکانیان، هەروەها نفوز وبەرژەوەندی. بۆ ئەم مەبەستەش وولاتانی ناوچەکە ئامادەبوون، هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بکەن لەپێناو مانەوەیان، ئەوەبوو عێراق بوە مەیدانی ململانێی گەورەکان، سەرەتا ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە کەوتنە بەر پیلان بۆ تێکدانی باری ئەمنی عێراق بۆیە سەیر نییە لەمسەرو ئەوسەر دونیا ترۆریست بۆ عێراق ڕەوانەبکرێت. ڕەوشی ئاسایش بەرەو ئاقارێکی زۆر مەترسیدار هەنگاوینا کەلە قوتوی هیچ عەتارێکدا نەبوو، کە ڕووداوی لەم جۆرە ڕوودات بە جۆرێك ڕۆژانە ڕوباری خوێن لە هاوڵاتیانی مەدەنی ژنو منداڵ، پیرو گەنج دەست لەهیچ کەس نەپارێزرا، دوای زیانێکی گیانی و مادی لە ڕیزی ئەمەریکیەکان زۆربەی بەرپرسانی نێوخودی ئەمەریکا دانیان بە هەنگاوی هەڵە و پەلەپەلی نا، کار گەیشتە بەرپرسانی کۆشکی سپی.

ململانێی نێو خۆی ئەمەریکا، وەك چاودێرانی سیاسی باسیلێوەدەکەن شێوازێکی بەخۆەدیوە کە لە مێژووی ئەمەریکا وێنەی نەبوە، سەرەڕای ئەوەش لەنێو ئیدارەی کۆمارییەکان کێشمەکێش و یەکتر تاوانبارکردن بەرچاودەکەوێت. گوشاری دیموکراتەکان بەردەوام بۆ گۆڕینی ستراتیژی لە عێراق لەئارادایە کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا دەنگ بۆ بودجەی سەربازی لە عێراق، بە مەرجی کشانەوە ببەستێتەوە، هەموو ئەوانە مانای قەیران دەگەیەنێت لە ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەکی تر ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق دوای دەستلەکارکێشانەوەی تۆنی بلێر، ئاماژەیەکی تری کورتهێنانی ستراتیژی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

دوا وێستگە عێراق لەبەردەم هەڕەشەی جەنگی ئەهلی و کۆنترۆلی قاعیدە خۆیدیتەوە.

هەموو ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ڕوونکردنەوەیەك بوو لە مەڕ ئاستەنگ و فشار لە بەردەم ستراتیژی نێوبراو.

ئەم قەیرانەی وولاتە یەکگرتوەکان لە عێراق تێیکەوت ئەم وولاتەی ناچار کرد سازش لە هەندێ مەسەلە بکات و هەوڵی هێور کردنەوە بدات، بە تایبەت لە گەڵ وولاتە عەرەبییەکان، بۆ ئەوەش لە بەرامبەر هاوکاریکردنی دەزگاکانی موخابەراتی ئەم وولاتانە بۆ شکست پێهێنانی قاعیدە، کورسی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمانە پارێزراو بێت و گوشار نەکرێتە سەریان بۆ ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری، هەرچەندە بۆ وولاتە یەکگرتوەکان ڕەنگە لە ڕووی سیاسەتەوە تەنها کارکردن بێت بەئەگەرێك لە ئەگەرەکان کەبەردەوام سیاسەتی ئەمەریکا ئیزدواجیەتی هەیە لەمامەڵە لە گەڵ هەر دۆسیەیەکدا، بەڵام وەك مۆڕالی ڕامیاری ئەوە پرسێکی ترە، چونکە باجی ئەم سیاسەتە دوبارە گەلانی ناوچەکە دەدیدەنەوە کە ساڵەهای ساڵە بە دەست ڕژێمە سەرکوتکەرەکان دەناڵێنن.

کۆبونەوە بەردەوامەکانی" شەرم ئەلشێخ و عەقەبە " ی کۆندالیزا رایس و وەزیری دەزگا ئەمنیەکان ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەری بەدەست هێنا ئەوەتا ڕێکخراوی " قاعیدە "ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پوکانەوە دەچێت و پێگەکانی لە عێراق لەدەست دەدات، باشترین نمونەش شاری ڕومادی یە، کەلەم ڕێکخراوە پاککرایەوە، چاوەڕواندەکرێ لە ماوەیەکی نزیکیشدا لە تەواوی عێراق وەدەرنێن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام وەك دەبینرێت سەرکەوتنی پرۆسە سەربازییەکان هیچ ئامارەیەکی پێشکەوتنی سیاسی لە پاڵدا بەدیناکرێت، ئەمەش بۆ هۆکاری پاشگەز بونەوەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە کە بە گەل و لاینە سیاسیەکانی دابوو لە ڕابوردوو، وە پاشەکشەیەتی لە ستراتیژی ڕاگەیەنراوی خۆرهەلاتی ناوەڕاستی گەورە دەگەڕێتەوە، کەشەقی زەمانەو هەلومەرجی ناوچەکە سەپاندویەتی. بۆیە هیچ سەیر نییە لە یەك کاتدا شکسهێنانی قاعیدە لە عێراق و فەشەلی ستراتیژی ئەمەریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. کە گەڕانەوەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە بۆ دواوە لە هەنگاوەکان بە پێچەوانەی وانەکانی مێژوو.... !!!!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.